# مەجلیسی حوکم و بۆگەنێکی تر..

**کەمال ڕەئوف**

لەوەتەی مەجلیسی حوکمی عێراق لەژێر سێبەری هێزەکانی ئەمریکادا کۆبوونەتەوەو برێك دەسەلاتیان پێ بەخشراوەولەسەر کورسی حوکمی عێراق دانیشتوون, وەك سەیارەی دووکەڵی مێشەکەی جاران بەبڕیارە سەیرو نابەجێکانیان تەپوتۆزو دووکەڵێکی بۆن ناخۆشیان بەرداوەتە ئەوکەش و هەوا خۆش وسازگارەی  کەخەڵکی عێراقی لەدوای دەسەلاتی سەددامەوە مێژوویە کە خەباتی بۆدەکەن لەچاوەڕێیدان , ئەم مەجلیسەکەپێکهاتەکەی زیاتر لە ڕێکخراوە ئیسلامی و کەسایەتیە ئاینی و بیرپیاو سالاریەتەقلیدیەکان پێکهاتووە , تاکو ئێستا لەسەر جێگەو شوێنی ژنان لەکۆمەڵگەدا چەند بڕیارێکی دەرکردووە کەبەتەواوی تەعبیر لەڕاو بیرو بۆچوونە ئاینی و مەزهەبیەکان دەکات و هەنگاو بەهەنگاو دەیەوێت لەوئامانجانە نزیك ببێتەوە کە تالێبانی ئەفغانی و ویلایەتی فەقیهی ئێرانی ئیسلامی  چەند ساڵ لەمەوبەر هەوڵیان بۆداوە و توانیان بەناوی چەسپاندی دەسەلاتی شەرع وئیسلامەوە ژنانی ئەو گۆمەڵگەیانە بخە سەر لێواری مردن و هەرچی ماف و خواستێکی تایبەت بەژنان هەبووە ڕەتی بکەنەوە , ئەمرۆ مەجلیسی حوکم بەدوای ئەوەی کە بوونە مەجلیسی گۆبیستی حەوزە ئاینیەکان و بوونە پیاوانی ڕیشسپی دیوەخانی سیستانی وموقتەدای سەدرو بێ ئیرادە لەبەردەم فتوای مینبەرەکانی مزگەوت ومەلاکان وەستاون, ئیتر دەبێت ئەوەشیان لێ چاوەڕێ بکرێت کە ڕۆژی جیهانی ژنانی عێراق بکەنە ڕۆژی لەدایك بوونی فاتیمە و بەبڕیاری 137ی ئەم دواییەشیان هەموویاسا مەدەنیەکانی پێشوو هەڵبووەشێننەوە وبەزەرەبنیش بگەرێن بەشوێن یاساو بڕیارێکی تردا تاکو لەوێوە بەر بەئازادی ژنان بەشێوەی یاسایی بگرن هەر, ئەم بڕیارەی دوییان  هەولێکی ئاشکرای ئەو گروپ و کەسایەتیە ئاینیانەیە کە هیچ بڕوایەکیان بەمافەکانی ژنان نییەو دەیانەوێت لەهەموو ڕوویەکەوە ژنان و بزووتنەوە یەکسانی خوازەکەیان  بەرەو نامۆ بوون و پووکانەوە بەرن .

ئەمڕۆ گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی شەرعی و ئیسلامیانە جگەلەوەی ڕەتکردنەوەیەکی ڕاشکاوانەی دەسەڵاتێکی عەلمانی و دیموکراتیانەیە لە هەمانکاتیشدا ڕەتکردنەوەی هەمووئاینەکانی تر دەگەیەنێت , ئەم پاشەکشەیە گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگایەك کەتاسەر تاپای نوقمی هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی بێت و لەڕووی سیاسی و یاساییەوە قامچی دەداتەدەست پیاوان بۆ لێدان و کوشت و بڕکردنی ژنان , ئەم هەوڵە سەرەتای ئەو هەنگاوانەیە کەدەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمانێك کەپیاولەڕووی یاساییەوە سەردارو ئازاد بێت تاکڕین و فرۆشتن بەژنان و کچانەوە بکات و وەك کالاَ سەیریان بکرێت , یانی سەندنەوەی هەرمافێکی سەرەتایی مرۆییانە لەژنانەو سڕینەوەی مافی مرۆ بوونیان ودەست کردنەوەی پیاوان لەبەرامبەر هەربێ مافیەکدا کەدەرهەق بەژن بیکەن و ئەوەندەش ماف بۆژنان دەسەلمێنی تاکو پیاوان بتوان بەتەواوی تواناyانەوە چێژیان لێ ببینن , گەرانەوە بۆدەسەڵاتی شەرع یانی سەلماندنی فرەژنی و بەپەراوێزکردن وگومکردنی ژنان لەفەزای بیری پیاوسالاریداو نەسەلماندنی هەر مافێك کەلە جارنامەی مافی مرۆڤی جیهانیدا بۆ ژنان سەلمێنراوە , ڕازی بوون و بێدەنگە کردن لەبەرامبەر بەو بڕیارە بۆگەنانەی مەجلیسی حوکم کەتاسەر ئێسك نادیموکراتی و نامرۆڤانەو دژ بەمافەکانی ژنانە , ڕازی بوونە بەگەورەترین تاوانی سەردەم کەبەئاشکرا دەرهەق بەبیری پێشکەوتوخوازی دەکرێت لەلایەن مەجلیسی حوکمەوەو ڕازی بوونە بەبێ مافکردنی ژنان لەسەرەتایترین مافی خۆیان وبێحورمەتیکردنە بەهەموو بەهایەك کەتۆزێك بۆنی دیموکراتی ومروڤدۆستانەی لێبێت , ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە هەڵوەشاندنەوەی مافە مەدەنییەکان لەلایەن مەجلیسەوە ئاماژەیەکی سیاسی بەهێزیشە بۆ ئەوەی کە بەهەمووان بووترێت کەدەسەڵاتی ئایندەی عێراق لە ژێر چەتری ئەو مەجلیسەدا هیچ ئاسۆیەکی ڕوونی نییە و هاوشێوەی دەسەڵاتە قاتووقرڕکەرەکەی تالیبانی ئەفغانستانن ,چونکە هەرچەندە ئەمان بەمەزهەب شیعەن و تالیبان سوونی مەزهەب بوو بەلاَم لەناوەرۆکدا هەر یەك سەرچاوە و یەك ڕێبازی سیاسیان هەیە مەگەر ئەوەی کە ئەمڕۆ ئەمان بەڕواڵەت دۆستی ئەمریکان و ئەوانیش نەیاری .